www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7-7-2006 18:14

پارێزەر عەلی گردەسۆری: داواکەمان لەسەر (سەرۆ قادر) کێشایەوەو هیچ کەسێک ناتوانێت بەڵگەیەک بهێنێت کە یەکگرتوو هانی تیرۆر دەدات لە کوردستان

هۆگرغەریب-هەولێر

دوای ئەو تۆمەتانەی کە سەرۆ قادر بەرپرسی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرنامەی چاوی سێیەمی کەناڵی کوردسات لە شەوی 11/10 - 6- 2006 ئاراستەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانی کرد لە وەڵامی پرسیاری پەیامنێری تەلەفزیۆنی یەکگرتوو کە ووتبووی یەکگرتوو سەرچاوەو بەرهەمهێنەری تیرۆرە لە کوردستان

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە رێگای یاسایی داوای لە دادگا لەسەر ناو براو تۆمار دەکات. لەمبارەیەوە پارێزەر عەلی گردەسۆری پارێزەری یەکگرتوو لەو داوایە بە سایتی یەکگرتووی راگەیاند لە بنکەی پۆلسی ئیسکان داوای یاساییمان تۆمار کرد و سکاڵانامەیەکمان ئاراستەی دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر کرد و ئەوانیش گواستیانەوە بۆ بنکەی پۆلیسی ئیسکان و لەوێش بە ڕەسمی داواکە ئیجرائاتی لێکۆڵینەوەی خۆی وەرگرتوو پەراوی بۆ کراوە.

من وەک پارێزەری یەکگرتوو ئیفادەم داو پەراوەکە چووە بەر دەست دادوەر لەبەر ئەوەی سەرۆ قادر رۆژنامەنووسە نووسراوێکیان ئاراستەی سەندیکای رۆژنامەنووسان کرد کە ئەوان هەڵوێستیان روون بکەنەوەو سەندیکاش بە زارەکی ووتیان ئێمە لاریمان نیە لە ئامادەبوونی لەبەردەم دادگا و ئیجرائاتی لێکۆڵینەوە دەستی پێکردوو ناوبراو ئاگادار کرایەوە کە لەبەردەم دادگا ئامادەبێت.

پارێزەر عەلی گردەسۆری زیاتر ووتی وەساتەت هاتە پێش کە لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسان لە 7/4 نووسراوێکی ڕەسمی ئاراستەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو کراو پاشانیش وەفدێکی ئەنجوومەنی سەندیکا سەردانی بەرێز ئەمینداری گشتی یەکگرتوویان کرد کە یەکگرتوو لەبەر بەرژوەندی گشتی دەست لەم داوایە هەڵبگرێت.

بۆ ئەم مەبەستە مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو لە 2006/7/5 وەڵامی سەندیکای رۆژنامە نوسانی کوردستانی دایەوەو سوپاسی سەندیکاو شەخسی یەکەمی سەندیکای کرد و بریاری ئەوەی دا کە دەست لە داواکەی هەڵدەگرێت.

بۆ ئەم مەبەستە جارێکی تر سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان نووسراوێکی ئاراستەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کرد و سوپاس و پێزانینی زۆری بۆ ئەو هەڵوێستەی یەکگرتوو دەربڕی کە یەکگرتوو ڕەچاوی ناسکی بارودۆخی کوردستانی کردووەو لە مافەکانی خۆی دەستی هەڵگرتووە. ڕوونکردنەوەیەکی تریشی ئاراستەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کرد.

لە درێژەی قسەکانیدا پارێزەری یەکگرتوو ئەوەی ڕوونکردەوە کە داواکە بە ڕەسمی لەلایەن یەکگرتوو کێشراوەتەوە و ئیجرائاتی یاساییش لە ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو دەست پێدەکات.

سەبارەت بەو هەواڵانەی کە لە سایت و ڕۆژنامەکان بڵاودەکرێتەوە لەسەر ئەوەی کە سەرۆ قادر بە نیازی کۆکردنەوەی بەڵگە نامەیە لەسەر یەکگرتوو کە ڕەنگە دادگایی کرنەکە پێچەوانە ببێتەوە، لە ڕووی یاساییەوە چەند ئەم قسانە تۆمەتەکەی ناوبراو پەردەپۆش دەکات، بەرێز پارێزەر عەلی گردەسۆری ووتی ئەو هەواڵانەی بڵاو دەکرێتەوە نابێتە هۆی پەردەپۆش کردنی ئەو تۆمەتانەو بە بۆچوونی من هیچ کەسێک لە کوردستان ناتوانێت یەک بەڵگەش بهێنێتەوە کە یەکگرتوو کاری تیرۆریستی و هانی تیرۆر دەدات، لە کۆتاییدا بەرێز عەلی گردەسۆری پارێزەری یەکگرتوو هەموو ئەو هەواڵانەی ڕەت کردەوە کە یەکگرتوو لە ژێر هیچ پاڵەپەستۆ یان شتێکی تر ئەو داوایەی کێشابێتەوە.